ڕاوێژکاری خامنەیی: پیتاندن هێڵی سووری بۆ ئێران هەرگیز وڵاتەکەمان واز لە یۆرانیۆم ناهێنێت

ڕاوێژکاری عەلی خامنەیی، ڕێبەری باڵای شۆڕشی ئیسلامیی ئێران ڕایگەیاند، پیتاندن هێڵی سووری بۆ ئێران هەرگیز وڵاتەکەی واز لە پیتاندنی یۆرانیۆم ناهێنێت.

عەلی ئەکبەر ویلایەتی، ڕاوێژکاری عەلی خامنەیی ڕایگەیاند "تاران دانوستانە ئەتۆمییەکان بۆ مەرجی ڕاگرتنی پیتاندنی یۆرانیۆم ڕەتدەکاتەوە".

وتیشی "پیتاندن هێڵی سووری بۆ ئێران، ئەگەر دانوستانەکان بۆ مەرجی وەستاندنی پیتاندن بێت، ئەوا بە هیچ شێوەیەک ئەو جۆرە دانوستانانە ئەنجام نادرێن".

پێشتریش عەباس عیراقچی، وەزیری دەرەوەی ئێران وتی "ئێران هیچکات بە مەرجی وازهێنان لە پیتاندنی یۆرانیۆم دەست بە گفتوگۆ لەگەڵ ئەمەریکا ناکاتەوە".